ژاپۆنی نەبێ لە کەس ناکرێتەوە .ئێمەش بە سروەیەک رازی دەبین وبە بۆن وبەرامەی چەند گوڵان واز لەم گوڵستانە دێنین. بەڵام وەرگێڕان دوژمنی جوانییە .قسەکە ئەوەندە ناسکە ،هەر کە دەستاودەستی کرد دەژاکێ:

( سپێدە )[4]

ئای کە هەتاو
دەشتی رۆژهەڵاتی چ جوان رازاندەوە !
بەڵام تا ئاوڕم دایەوە
مانگ داچووبوو !

*　　*　　*

( گوڵ چنین)

بۆ چنینی گوڵ
دەچیمەن کدوتم !
لە کۆشی گوڵدا
شەو تا بەیانی
بەمەستی خەوتم !

*　　*　　*

( هەوری رەش)

ئەو هەورە تاریکەی
بەسەر چیاوەیە ،
ئاهی دڵی منە
دنیای داگرتووە ! (٥)

*　　*　　*

( بەیادی فرزەند )

پێش پشکووتنت ،دەسووتام لەسوێت
کاتێک پشکووتی ،رەشم کردە بەر
ئەی سپی گوڵەی وەک مانگی چاردەم
چت بۆمن هەبوو ، لە کەسەر بەدەر؟


*　　*　　*

(١) ذن :عیرفانی بوودایی .
(٢) گیان ئەسیا : کەسێکی هاتبێتە حاڵی جاو ( محتضر . جان آهنگ ) .

(٣) دیم : روخسار
(٤) سپێدە : بەیان

لەسەر کەڵەزەنگی[6] مەعبەد
پەپوولەیەک
چەند بەخۆشی لێی خەوتووە !

*　　*　　*



( ؟ )

رێم نیە تا خۆشەویستەکەم ببینم
ئەرێ دەبێ بۆهەمیشەوەک دوندی کێو
وەک دوندی "فووجی" لە "سوورگا" ،
هەر بسووتێم ؟!

*　　*　　*

(٥) : لەگەڵ ئەمشیعرە کوردی یە پێکیان بگرە :
هەر تەمێ لەسەر شاخێ ساکنە
ئەوە تەم نیە هەناسەی منە!
(٦)کەڵەزەنگ : زەنگی گەورە (ناقوس) .

